# دیپۆرت کردنەوەی هەزاران پەنابەری عیراقی لەلوبنانەوە بە توندی مەحکومە !

لەگەرمەی پەرەسەندنی ئیرهاب وتەقینەوە تیرۆرو کوشتاری رۆژانەی خەلکی عیراقدا، بەهۆی پیشبڕکی هەردوو بەرەی دژی ئینسانی (داگیرکەرو تیرۆریستی بەناو بەرەی مەقاوەمەوە چارەنووسی 25 ملیون ئینسان بەپرۆسەی ئەو مەرگی بەکۆمەلە دەسپیرێت کە هەر رۆژە سەدان کەسی لیێ دەکرێتە قوربانی. ئەوە با مەترسیەکانی شەڕی ناوخۆو تەنانەت جەولەیەکی تری شەڕی ئەم رۆژانەی نیوان هێزە تیرۆریست و ئیسلامی یەکانی ناو حکومەتی عیراق، کە بەشەڕو پێکادانی سوپای بەدرو مقتدا سەدر دەستی پیێ کردوە لەولاوە ڕاوەستێت . لەکاتێکدا کە پاش سیێ جار هەولدان بۆ بە ئەنجام گەیاندن و ئامادەکردنی پرۆسەی ڕەشنووسی ڕەشی دەستووری عیراق تیێ دەپەڕێت و لە لەئایندەیەکی رەش و قولترکردنەوەی سیناریوی ڕەشی خەڵکی عیراق زیاتر هیچی تر بەدی ناکریت. لەم کاتەدا هەوالی گەرانەوەی هەزاران پەنابەری عیراقی هەر ئینسانێکی خاوەن ویژدان دووجاری شوك و ناباوەڕی یەکی گەورە دەکات ، بەلام ئەمە هەقیقەتیکی تالەو ڕوویدا . بەپیێ ی ئەو هەوالانەی کە دونیێ زمانی وەزارەتی دەرەوەی عیراق بلاوکراوەیەوە، وەزارەتی ناوبراو ڕایگەیاند: کە 2330 پەنابەری عیراقی لە لوبنانەوە گەرێنراونەتەوە بۆ عیراق. وەزارەتی دەرەوە رایگەیاند کە بالویزخانەی عیراق لە لوبنان بە هاوکاری وەزارەتی ناوخۆی عیراق توانیان ئەو پەنابەرانە بگەرینەوە بۆ عیراق.

ئەمەی کە ڕوویدا بەڵگەنەویستێکی ڕۆشنە بۆ نیشاندانی ئەو ڕاستی یەی کە تەنانەت بڕیاری دیپۆرت کردنەوەی پەنابەرانی کورد لە بەریتانیا هیچ شتیك نیە جیاواز لە ریکەوتنیکی نیوان حکومەتی عیراق وحکومەتی بەریتانیا نەبیت، کەبەلگەنامەکان و سەردانەکەی سالی پاری عەلاوی بۆ بەریتانیا ڕاستی ئەم قسە نیشان دەدات. بۆیە پارتی ویەکیەتیش مەگەر تەنها ئەوە قبول بکەن کە جیگەو ریگەو پشکی ئەوان لەلایەن حکومەتی مەرکەزی یەوە دەبێت کرابیتە سفری دوای فاریزە، ئەگینا ناکرێت ادعای بیێ ئاگابوون بکەن لەم کەین و بەین و ڕێکەوتنانەی نیوان حکومەتی عیراق و وولاتانی تر . بەدلنیای ئەم هەنگاوەی حکومەتی عیراق و دەخالەت کردنی راستەخۆی بۆ گیرانەوەی هەزاران پەنابەر لە لوبنانەوە بۆ عیراق ، شاباشێکی ترە بۆ نیشاندانی ئاسای بوونی بارودخۆخی سیاسی وئەمنیەتی عیراق، تەنها بە قیمەتی ئەوەی کە ئەم وولاتانە دەستوورو دەستەلات و((دەسکەتەکانیان)) بەرەسمیەت بناسینن . یەکیك لەو دیاریدانەی کە حکومەتی عیراق دەیەویت بیکاتە قوربانی ئایندەو دەستەلاتەکەی خۆی مامەلەکردنە بە ژیان وچارەنووسی ئەو دەیان هەزار ئینسانەی کە سالەهایە لەبەر بارودۆخی نا ئەمنی و شەرو کوشتارو استبدا ئاوارە بوون . تەقەلای حکومەتی عیراق بۆ گەرانەوەی پەنابەرانی عیراقی لە لوبنان نیشاندانی هیمایەکە بە هەموو ئەو وولاتانەی کە پەنابەری عیراقی تیدایە، کە دەتوانن و دەکریت هەر ئەمرۆ دەست بەکاری گەرانەوەی پەنابەران و خۆ رزگار کردنن بن لە (( تەوقی بژێوی ئەو دەیان هەزار پەنابەرەی کە بوونەتە ئەرك بەسەرتانەوە)). کە بەکردەوە مانای واقعی ئەم هەلویستە هیچ شتیك نیە زیاتر لەوەی ئامادەی خۆیان راگەینن بۆ هەرجۆەر هاوکاریەکی ئەم ووتانە بەهیوای ئەوەی کە هەنگاویك زیاتر هاوکاریان بکریت بۆبەرسمی یەت ناسینی دەستوورو داسەپاندنی خۆیان بەسەر خەلکی عیراقدا . ئەم کردەوەیە ئەگەر لەلایەکەوە تەنها بەمەحکوم کردنی ئەم دوو هەنگاوەی بڕیاردانی دیپۆرت کردنەوەی هەزاران پەنابەر لەلایەن حکومەتی بەریتانیاو لوبنانەوە تەواو نابیت. لەلایەکی تریشەوە یانی ناردنەوەی ئەو هەزاران کەسە بەشداری کردنیکی ڕاستەخۆی ئەو حکومەتانەیە کە لە بە گۆڕ سپاردنی گیانی ئەو ئینسانانەی کە ڕەوانەی عیراق دەکرینەوە بەشدارن . چونکە باری نا ئەمنی عیراق وئیرهاب وتەقینەوە کوشتارەکانی ئەمرۆژانە نیشاندەری تالتربوونی ژیانی خەلکی عیراق و فراوانتربوونەوەی هەرچی زیاتری بازنەی ئەو سیناریۆ ڕەشەیە کە بۆ خەڵکی عیراقیان داڕشتووە. بۆیە دەبینین کەپەرەسەندنەوەی دەوریەکی تر لە ئاوارە بوونی دەیان هەزاران ئیسنان لە کۆمەلگای عیراقدا، بووتە جیگەی مەترسی، کەڕۆژانە ئاپورەبوونی سنوورەکانی عیراق دەتوانیت گوزارشتی ئەو ڕاستی یە نیشان بدات کە چۆن جارێکی تر دیاریدەی ئاوارەبوون لەپەرەسەندو شەپول لیدانایە، بۆیە دیپورتکردنەوەیان دووجار تاوانی ئەم وولاتانە گەورەتر دەکاتەوەو دەبیت ریگەی پیێ بگیرێت.

بۆیە ئیمە وەك فیدراسیونی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی سەرباری بە توندی مەحکوم کردنی ئەم سات وسەودایەی نیوان حکومەتی لوبنان و حکومەتی عیراق، سەرباری بەبەرپرس ناسینی هەر دوولا لە گیان وسلامەتی هەموو ئەو ئینسانانە داوا لە هەموو حزب و ریکخراوە کریکاری و ئینسان دۆستەکان، لە هەموو نقابە کریکاری و ریکخراوە دژی راسیستی و پەنابەری یەکان دەکەین کە سەرباری بە توندی ئیدانە کردنی دپۆرت کردنەوەی ئەو هەزاران پەنابەرە لە لوبنانەوە بۆ عیراق ، هەروەها ریکخراوەی بالای نەتەوە یەکگرتووەکان بەبەرپرس بزانن لەبەرامەبەر بە ژیان و چارەنووسی پەنابەرانی عیراقی داو خوازیاری ریگرتن بە دیپورت کردنەوەی پەنابەران بن لە ژیر هەر بەهانەوە و بەهەر ناویکەوە بیت.

ئەم رۆژانە تارمای دیپۆرتکردنەوەی دەیان هەزار ئینسان هەڕەشە لەژیانی ئەو پەنابەرانە دەکات کەسالەهایە بوونەتە قوربانی شەرو استبداو کوشتارو برسیەتی وبیکاری بۆیە نابیت ریگە بدەین کە ئەمرۆ چارەنووسیان بکریتە قوربانی سات و سەوداو مامەلەکانی نیوان ئەم حکومەتانە، ئەمە ئەرکی سەرشانی بەرەی ئازادیخوازەو دەبیت لەئاست لیپسراویەتی یەکی گەورەدا خۆی نیشان بدات و بینە لەمپەر لەبەردەم ئەو سیاسەتە دژی ئینسانیانەدا .

**سکرتاریەتی فیدراسیونی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی** / 29 / 8 / 2005